# پێغەمبەری خودا -صلی الله علیه وسلم- پێمی فەرموو: (لێم نزیک بەرەوە)، منیش لێی نزیک بوومەوە

لە ئەبی زەیدی ئەنساڕیەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: پێغەمبەری خودا -صلی الله علیه وسلم- پێمی فەرموو: «لێم نزیک بەرەوە»، منیش لێی نزیک بوومەوە، فەرمووی: «دەستت ببە ژوورەوە، وپشتم مەسح بکە -دەستی پێدا بهێنە-»، (ئەبی زەید) دەڵێت: دەستم کردە نێو جلەکەی، وپشتیم مەسح کرد -دەستم بەسەردا هێنا- ، مۆری پێغەمبەرایەتی کەوتە نێوان دوو پەنجەمەوە، (ئەبی زەید) پرسیاری لێکرا سەبارەت بە مۆری «پێغەمبەرایەتی -خاتم النبوة-، ووتی: «لە چەند موویەک پێکهاتبوو لە نێوان شانەکانی.

[صەحیحە] [ئەحمەد گێراویەتیەوە]

پێغەمبەری خودا -صلی الله علیه وسلم- بە ئەبی زەیدی ئەنساڕی فەرموو: لێم نزیک بەرەوە، کاتێک لێی نزیک بووەوە، پێی فەرمووی: دەستت ببە ژوورەوە بۆ نێو جلەکەم، وپشتم مەسح بکە -دەستی پێدا بهێنە-، ئەویش (ئەبی زەید) دەستی کردە نێو جلەکەی -قەمیسەکەی-، وپشتی مەسح کرد -دەستی بەسەردا هێنا-، مۆری پێغەمبەرایەتی کەوتە نێوان دوو پەنجەیەوە، ئەبی زەیدی ئەنساڕی پرسیاری لێکرا سەبارەت بە مۆری پێغەمبەرایەتی -خاتم النبوة-، چییە؟ ووتی: لە چەند موویەک پێکهاتبوو لە نێوان شانەکانی.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/10964

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee